# Foreign Policy–سیاسەتی دەرەوە

## (قۆناغی چوارەمی زانستە سیاسییەکان)

م. هاندەر عبد الخالق



# له یەکێتی سوڤیەتەوە بۆ روسیای یەکگرتوو

- دوای ئەوەی یەکێتی سوڤیەت هەلواشایەوە هەر زوو لە 7/ 12 / 1991 هەرسێ سەروٚك کوٚمارەکانی: سلاڤ (بوریتس یەلسن) سەرۆکی روسیای یەکگرتوو، هەروەها (ستاتیلاڤ شوشکشتیڤ) سەرۆکی روسیای سپی، (لیونید کرافتشوٚك) سەروکی ئۆکرانیا لە پایتەختی بیلاروس تەئکیدیان لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش کردەوە کە لە راستیدا زیاتر جاردانی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سوٚڤیەتی هەڵگرتبوو.
- بە هەلوەشاندنەوەی یەکیتی سوٚڤیەتی جاران، روسیا تەنها نزیکەی 1 لەسەر 4 خاکی پێشوتری لەدەستدا واتا 76٪ خاکی پێشوتری بۆ مایەوە، نیوەی دانیشتوانی دەستی کاری یەکێتی سوٚڤیەتی پێشووی بەرکەوت. بەمەش روسیا 90٪ نەوتو 80٪ گازی سروشتی و 70٪ سەرچاوەی زێرو 42٪ لە ویستگەکانی کارەبای یەکێتی سوڤیەتی پێشووی بە میرات بۆ مایەوە.
- لە سالی 1991 بوریتس یەلسن بووە سەرۆکی روسیاو زورینەی دەنگەکانی بەدەستهێنا. هەر زوو روسیا گۆڕانی زۆری بەخویەوە بینی بە تایبەت لە سوشیالیزم بو سەرمایەداری لیبرالی.

# روسیای فلادیمێر پوتین: قوناغێکی تازە

- گەڕان بە دوای میکانیزمی سیاسیو دبلۆماسیو سەربازیو ئابوری بۆ گەڕاندنەوەی پێگەو ڕۆلی روسیا بە تایبەتیش لە ئاسیای ناوەراست، روژهەلاتی ناوین، رۆژهەلاتی ئەورووپا.
- وەستان لەبەردەم مەیلی فراوانخوازی ولاتانی روژئاوا.
- باشکردنی دۆخی بژێوی خەلك و بوژانەوەی ئابوری.
- دروستکردنی پەیوەندی باش لەگەل کۆمارەکانی فیدراسیونی روسیا.
- گەرندنەوەی شکۆو هیز بۆ رووسیا وەك زلهێزیکی جیهانی.
- نزیکبونەوەو لە گروپە پیشەسازیەکان
- رێگرتن لە شەرو ئاژاوە لە کۆمارەکانی یەکیتی سوڤیەتی جاران.

# قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی سیاسەتی دەرەوەی روسیا

- **قۆناغی یەکەم/ قوناغی بونیاتنانەوە 1991–2000**: لەم قۆناغەدا سیاسەتی دەرەوەی روسیا زیاتر پشتی دەبەست بە میکانیزمی دبلوماسی و کرانەوە بەرامبەر ولاتانی ئەوروپا.
- هۆکارەکان پیادەکردنی ئەم سیاساتە پەیوەست بوون بە چەند فاکتەرێکەوە:

1. ئەندامیتی روسیا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان.
2. بەشداری کردنی روسیا لە لوتکەی G7 سەرەرای خراپی بارودوخی ئابوری کە لە 1997 پەیوەندی کردو ناوەکەی گۆرا بو G8. بەلاّم دواتر لە 2014 ئەندامێتی روسیا هەلپەسێردرا بەهوّی کێشەی کرایمیا.
3. بوونی پەیوەندی پتەوی روسیا لەگەل ولاتانی ئەوروپا.
4. دەستگرتن بەچەکو جبەخانە گەورەکەی چەکی ئەتۆمی بەکارهینانی لە دانوستاندنەکاندا لەگەلٚ هەر یەکە لە روژئاواو ئەمریکا.
5. رۆلّی روسیا لە دامەزراندنی رێکخراوی دەولەتانی سەربەخۆ لە سالی 1991، دواتریش بەکارهینانی بۆ ئاشتی و بواری سەربازی و ئابوری.

# کۆمەڵەی دەولەتانی سەربەخۆ



# قۆناغی دووەم/ هەستانەوەو گەران بەدوای هەژموون 2001–2008

- ستوونی سەرەکی ستراتیجیەتی روسیا ئەوەبوو کە بپرژێتە سەرکێشە ناوەخۆییەکانی روسیا نەوەك ململانێی ولاتانی رۆژئاواو و تاك جەمسەری ئەمریکا. واتا دووبارە بونیاتنانەوەی روسیا لە ناوەو، لەم رووەوە پۆتین دیدی لە میخائیل گورباتشوفەوە نزیکە بە تایبەت لە بواری هەماهەنگی لەگەل ولاتانی رۆژئاوا.
- پوتین وەك گورباتشوف باوەری وابوو کە هێزی سەربازیو هیزی ئابوری ستوونی مانەوەی روسیان وەك زلهیزێکی جیهانی و بۆیە پێویستە روسیا زۆر گرنگی بەو بوارە بدات لە پێناو گەرانەوەی شکۆی روسیا.
- هەرچەندە سیاسەتی نزیکبوونەوەو لە رۆژئاواو تووشی چەندان کێشە هات لە کۆتای نەودەکان، بەهۆی پشتگیریکرنی روسیا لەسربەکان.

# پێشکەوتنەکانی سیاسەتی دەرەوەی روسیا لەم قۆناغەدا

- هاتنە سەرکاری هەردوو پارتی روسیای یەکگرتوو United Russia پارتی کۆمۆنیستی فیدراسیونی روسیا Commonest Party of the Russian Federation لە 2003–2007 بە هۆی ئەوەی هەردوو پارتەکە کۆك بوون لەسەر دژایەتیکردنی سیستمی تاکجەمسەری بەسەرکردایەتی ئەمریکا دواتریش تێکۆشان بۆ فرەجەمسەری لە سیستمی نوێی جیهانیدا.
- بەرزبوونەوەی داخوازی جەماوەری بو پالٌپشتیکردن لە سیاسەتە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی روسیا.
- کاریگەری یەڤگینی بریماکۆڤ وەك وەزیری دەرەوە لە سالانی 1996–1998 دواتریش وەك سەرۆك وەزیران 1998–1999 کاریگەری هەبوو لەسەر ئاراستەکردنی روسیا بەرووی ولاتانی زلهێزی رۆژهەلات وەك چین و هندستان. بریماکۆڤ باوەری وابوو کە روسیا شارستانیەتێکی سەربەخۆیەو بەشێك نیە لە شارستانیەتی رۆژئاوا. روسیا بە هاوبەشی لەگەلٌ بەشێك لە ولاتانی رۆژهەلات هەولٌی دارشتنی هێزی جیهانی بداتەوە.
- هاتنی پوتین بۆ دەسەلات و هەولٌدان بۆ گەراندنەوەی روسیا بۆ سەرکردایەتیکردنی جیهان. واتا گۆرینی سیستمی جیهانی لە تاك جەمسەریەوە بۆ فرە جەمسەری .

## ئەو گۆرانکاریەنەی کە فلادیمیر پوتین کردی لە سیاسەتی دەرەوەدا

- گەشەپیدانی ئابوری و ریفورم لە سیستمی ئابوری.
- گرنگیدان بە ناوچەی ئوراسیا لە رێگای کۆمەلەی دەولەتانی سەربەخۆ CIS بۆ بەستنەوەی ئاسیای ناوەراست و قەوقاز بە روسیاوە.
- هاندانی جیهانی بۆ چەسپاندنی فرە جەمسەری لە پێوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا.

# قۆناغی بەرهەڵستکاری و خۆنمایشکردن 2008–2018

- سەرەتایی ئەم قوناغە بە بونیاتنانی هێزو گەڕانەوەی شکۆی روسیا دەستپێدەکات، بۆ ئەم مەبەستە پوتین جەختی کردە سەر کۆمەلێك بوارەوە کە هەندیك جار بە تێڕوانینی پوتین بۆ سیاسەتی دەرەوە دەناسرێت:

1. پتەوکردنی کەرتی ئابوری‌و سەربازی رووسیا لە رێگەی پرۆسەیەکی ریفورمی بەردەوام.
2. روبەرووبوونەوەی سیستمی تاکجەمسەری هەنگاونان بۆ بوون بە سەنتەرێکی هێزو ناوەندیکی سیاسی کاریگەر لەسەر ئاستی جیهاندا.
3. دروستکردنی پەیوەندی پتەوو جۆرێك هاوپەیمانی لەگەڵ ولآتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو.
4. هەوڵدانی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دژ بە تاکجەمسەری بە پشت بەستن بەو ولاتانەی ناکۆکیان لەگەڵ سیستمی تاکجەمسەری ئەمریکاو هەژموونی ئەمریکا هەیە، بە تاییبەت چین‌و هیندو ئێران و کوباو کوریای باکور.

# هەنگاوەکانی دەرکەوتنی روسیا وەك هێزیکی بەرهەلستکاری سیاسەتەکانی رۆژئاوا

- دەرەکەوتنی روسیا وەك هێزیکی بەرهەلستکار بۆ سیاسەتەکانی رۆژئاوا لە 2008 بە روونی لە کاتی قەیرانی جورجیا لە 2008 دەرکەوت بە تایبەتیش دوای جێگیرکردنی قەلغانی موشەکی لە پۆلەندا لە لایەن ئەمریکاوە.
- لەدوای روخانی یەکێتی سۆڤیەت، روسیا یەکەمجار بوو پەنا بباتە بەر هێز بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە هەرێمیەکانی. روسیا لە قەیرانی جورجیا لە 2008 خێراو بێ چاوەروانی ئەنجوومەنی ئاسایش هەستا بە دەستێوەردان لە هەر یەکە لە ئۆسیتیاو ئەبخازیا لە دژی سوپای جورجیا، تا سوپای جورجیای ناچارکرد بە کشانەوە لەو دوو هەرێمە. دواتریش تاك لایەنە سەربەخۆیی هەردوو هەرێمەکەی بە فەرمی ناساند. ریگەشی نەدا هیچ بریارێك دەرچێت لە ئەنجوومەنی ئاسایش کە پروتستۆی ئەو دۆخە بکات.
- قوناغی دووەمی ئەو ململانێیەی روسیا لەگەلْ رۆژئاوا لە سوریا بوو لە 2011 بەجۆریك روسیا لە 2011–2018 زیاتر لە دوانزەجار پرۆژە بریارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی رەتکردۆتەوە لە ریگای ڤیتۆ. هەرچەندە پێشتریش روسیا دژی بەکارهینانی هێز وەستایەوە لە دژی رژێمی بەعس بەلاْم ئەو کاتە ڤیتۆی بەکارنەهێنا.
- لە 2014 دیسان رووسیا بە پاساوی پاراستنی روس نەژادەکانی دەرەوەی روسیا هەلْسا بەداگیکردنی نیمچە دورگەی کرایمیا، دواتریش هەلْسا بەیامەتیدانی هێزە جوداخوازەکانی رۆژهەلاتی ئۆکرانیا، وەك کارتێك دژی حکومەتی ئۆکرانیا لە ئەگەری نزیکبوونەوەیان لە رۆژئاواو ئەورویا.

# قەیرانی دەستیوەردانی روسیا لە جورجیا



# داگیرکردنی نیمچەدورگەی کرایمیا لە لایەن روسیا



# ئەو دامەزراوانەی کاریگەریان هەیە لەسەر دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی روسیا

